لەمامۆستا تێکۆشەرەکانی کوردستان

# زاهیر محەمەد کۆیی

ئا: مەغدید حاجی



مامۆستای هونەرمەندو پەرلەمانتاری خانەنشینی کوردستان زاهیر محەمەد ئیبراهیم کۆیی تەمەنێکی زۆری لەبوارەکانی خزمەتکردنی پرۆسەی پەروەردەو هونەری کوردی‌و دۆزی گەلی کورد بردۆتەسەر.

- لەساڵی ١٩٣٩ لەشاری کۆیە، شاری ئەدەب‌و هونەر لەدایکبووە.
- قۆناغی سەرەتایی ساڵی ١٩٥٦ لەقوتابخانەی (ئولا)ی کۆیە تەواو کردووە.
- لەساڵی ١٩٥٩ قۆناغی ناوەندی تەواو کردووە.
- لەساڵی ١٩٦٢بەشی مۆسیقای رۆژئاوای تەواوکردووەو هەر لەهەمان ساڵیش لەشاری کوت لەخوارووی عێراق بۆ ماوەی سێ ساڵ لەقوتابخانەیەك دمەزراوە کەتازە کرابۆوە بەناوی قوتابخانەی (عەبدولکەریم قاسم)، بەلاّم لەهەمان رۆژی دامەزراندنی تەنسیب کراوە بۆ چالاکی قوتابخانەکان بۆ گوتنەوەی وانەی سروودو مۆسیقا لەگشت قوتابخانەکانی ناو شاری کوت‌و ئێوارانیش راهێنانی مۆسیقای بەکۆمەڵێك قوتابی لەسەر ئامێرە جۆراوجۆرەکانی مۆسیقا ئەنجامداوە، دوایی گوێزراوەتەوە بۆ شاری کۆیەو دوا قوتابخانەی لە کۆیە (زانستی کوڕان) بووە، دواتر بۆ پەروەردەی هەولێر گوازراوەتەوەو پاشان بۆتە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان‌و ئینجا خانەنشین کراوە، لەپەرلەمان ئەندامی لێژنەی پەروەردە بوو.هەروەها ئەندامی نۆیەمین کۆنگرەی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بووە لەدوای راپەرینی ١٩٩١.

مامۆستای تێکۆشەری دێرین، سەرەتا لەکاتی لاوی هەڵگری بیروباوەڕی مارکسی بووە، دواتر بووەتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان‌و ئەندام ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە لەکۆیە.

وەکو نیشتمان پەروەرێکی کوردو هونەرمەندێکی بواری مۆسیقا خزمەتی گەلەکەی کردووە.

وەکو نووسەرێکیش لەزۆر گۆڤارو رۆژنامەی کوردییدا بابەتی بلاّوکردۆتەوەو چوار بەرهەمی چاپکراویشی هەیە.

-مامۆستا زاهیر دووجار ژنی هێناوە، یەکەمجار لەساڵی ١٩٦٤، کۆچی دوایی کردووە . دووەمجاریش لەساڵی ١٩٦٨و سێ کوڕی هەیە.

هیوای تەمەندرێژی بۆ مامۆستای هونەرمەند زاهیر کۆیی دەخوازین.

# ئای کەبەسەبرە مامۆستا!



محەمەد چۆمانی
chomani@yahoo.com

چەندین ساڵە کرێی وانەبێژی لەیەك ئاستدا ماوەتەوە، پارە گۆڕا ،دنیا گۆڕا، ئەم نەگۆڕا، کەچی هێشتا مامۆستایان بەم حاڵەی خۆیان بەرگەی ئەو (١٥٠٠) دینارو ( ٢٠٠٠ ) دینارە دەگرن، دوای فشارو نارەزایی‌و کۆکردنەوەی هەزاران واژوو (١٢٥٠٠٠) دینار دەرماڵەی پیشەیی خەرجکرا، زۆری نەبرد ئەمیش بڕا، زەوی بەپێی مەرج‌و ساڵانی خزمەت دابەش دەکرا، ئەمیش راگیرا، وەزیری پەروەردەی پێشوو سێ مانگ پێش ئێستا وتی بڕیاردرا دەرماڵەی چوار مانگ (١٢٥٠٠٠) دینار بدرێتەوە بە مامۆستایان، ئەوە ئەویش تا ئێسا سۆراغی نییە، چی‌و چی دراو راگیرا، ئاخر پیرۆزی مامۆستا تەنێ لەموجامەلاتی سیاسی‌و خیتابی حەماسی‌و پیاهەڵدان ماوەتەوە، ئەگەرنا کێ مامۆستای لەبیرماوە؟ کێ دەزانێ ئەم چینە ماندوو خەمخۆرە چۆن دەژی‌و چۆن ژیان دەگوزەرێنێ؟! کێ لەزەحمەتی و شەونخونی و هەلاکەتی مامۆستاو ئەرکەکەی دەگات؟ ئەوەتا خەریکە لەهەندێ مەجلیس‌و لای هەندێ سیاسی ونێوەندا مامۆستاو پیشەی مامۆستایەتی بۆ کارێکی سووك‌و بێ بەرهەم وەسف بکەن، ها ( مامۆستا )! مامۆستایت! چۆن لەنێو منداڵان شێت نابن! چۆن تاقەتی ئەو هەموو ژاوە ژاوەی قوتابیان‌و پۆلەکانتان هەیە، موچەشت (٥٠٠)هەزارە! وەرە لای من کاربکە چوار ئەوەندەت پێ دەدەم، تو شەرەفت ئەوە موچەیە! هەرئەم کائینانە وا وردە وردە وشەی ( مامۆستا ) بۆ ئینسانە بچووك و پیاوەکانی دیکە بەکاردێنن‌و مامۆستای راستەقینەی (ئەلف‌و بێ)و (دارا دوو داری دی) بەتاڵ دەکەنەوە لەجوانی‌و گەورەیی‌و بەخشندەیی و رەوشت بەرزی‌و زانست، ئەو مامۆستایەی دوای وانەکانی لەتاو ئازاری قوڕگ‌و قسەکردنی بەردەوامی‌و ژانی قاچ‌و بە پێوە وەستان و پشت ئێشان‌و تەپ‌و تۆزی تەباشیرو چەندان مەینەتیدا دەژی، وا عەقڵیەتێك ئیش لەسەر پەراوێزخستنیان دەکات، کەناریان دەخات، رەزیلیان دەکات، ئەگەر وانییە، دەفەرموون سەیری واقیعی ژیانی مامۆستا بکەن، ئەنجا تێدەگەین پەروەردە لەنێو چ گێژاوێکدا گوزەر دەکات، ئەنجا تێدەگەین دەسەڵاتی سیاسی چۆن رێزی ئینسانی گەورە دەگرێت! دەسەڵاتێك هەرچی کایەو پێکهێنەری سیاسی‌و حکومی هەیە بەسەر شانی مامۆستا دا دەهێنێ، هەرچی گەشەو پێشکەوتنێك هەیە لەماڵی رووناکی مامۆستادا دێتە دەرەوە، کەچی وا چەند کەسانێك لێی دەخۆن‌و مامۆستاش وا خەڵکی گاڵتەی بەمووچەو ژیانی دێت. بوون بەمامۆستا گەورەترین خەون‌و خولیابوو، ئەوەتا خەریکە ئەم خەونە جوانە دەکوژرێ‌و ناشیرین دەکرێ، نەبوونی بستێك زەوی لەم نیشتمانە، نەبوونی مووچەو ژیانی باش، سەیارە، گەشت‌و سەیران، نەبوونی پارەی نەشتەرگەری، مەحروم بوون لەجل‌و بەرگی جوان‌و بۆ منداڵەکان ، بێ بەش لەخۆشگوزەرانی ودڵتەنگی‌و رەوینەوەی دڵخۆشی، ئازاری ماندووبوون، بەراست ئەوەیە رێزگرتن لەمامۆستا! کام منەت‌و سەروەری‌و رابردوویەك‌و کارێك بەمامۆستا دەفرۆشن! دەسەڵات‌و حکومەتی هەرێم بێ بایەخدان بە مامۆستا راستییەکەو پێش ناکەوێ، منداڵان‌و نەوەی نوێ دروست نابن، پەروەردەو مەعریفە گەشە ناکات، کۆمەڵگە تەندروست نابێت، ئەوەی وڵاتێکی رووناك‌و ئارامان بۆ دروست دەکات تەنها رووناککردنەوەی ماڵی چۆڵی مامۆستاو ئارامی بەخشینە بەدڵ‌و دەروونی ئەو هەزارەها پەروەردەکارەی هەموو رۆژێك وەك مۆم دەسوتێن‌و کەسیش هەست بە تروسکاییان‌و سوتانی مۆمەکان ناکات.

# سۆزی دایك‌و باوك پاڵنەری سەرەکییە بۆ سەرکەوتنی منداڵەکانیان



توێژینەوەیەکی نوێی ئەمەریکی دەریخستووە کە بەسۆز مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵان دەبێتە هۆی پەرەسەندنی توانا هزرییەکانیان و بەرزبوونەوەی ئاستی زیرەکییان .

توێژینەوەکە کە ناوەندی گەشەپێدانی مێشك لە واشنتۆن ئەنجامی دابوو ئاماژەی بەوەدا کە مامەڵەکردنی توندوتیژانە لەگەڵ منداڵان وایان لێدەکات دوژمنکارانە بن لەگەڵ هەموئەو شتانەی لە دەوروبەری دان و کاریگەریش دەخاتە سەر توانای هزرییان .

هەروەها ئەو توێژینەوەیە روونی کردەوە کە ئەو منداڵەی لە خێزانێکدا گەورە دەبێت کە پەیوەندی نێوان تاکەکانیان پتەوە لەلایەنی دەروونییەوە دروستە بەپێچەوانەی ئەو منداڵانەی کەلەنێو کێشە خێزانییەکاندا دەژین یاخود یەکێك لە باوانیان سەفەر دەکات ، کە ئەمە وا دەکات منداڵەکە لە تەمەنی لاوێتیدا ئاڵۆز بێ و لەلایەنی دەروونیشەوە جێگیرنەبێت نەبێت .

سەرچاوە: KTV

# کۆمپیوتەرێك تایبەتە بە بەساڵاچووان



بەریتانیا کۆمپیوتەرێك تایبەت بە بەساڵاچووان کە توانای کارکردن لەگەڵ ئینتەرنێت و کەرەستەکانی کۆمپیوتەریان نییە ، بەرهەم دێنێت.

کارکردن لەگەڵ ئەم کۆمپیوتەرە زۆر ئاسانە و تەنیا ٦ دوگمەی هەیە و کارەکانی وەك چاتکردن و ناردنی ئیمەیل ئەنجام دەدات. ناوی ئەو کۆمپیوتەرە simplicity یە و ١٧ ڤیدیۆی فێرکاری کۆمپیوتەری تێدایە.

بەپێی ئامارە حکوومییەکان لە بەریتانیا زیاترلە ٦ ملیۆن بەساڵاچوو هەیە کە هێشتا ئاشنا بە کۆمپیوتەر و کارەکانی نەبوون و حکوومەت دەیەوێ بە دروستکردنی وەها کۆمپیوتەرێك بەساڵاچووانی ئەو وڵاتە زۆرتر ئاشنا بە سوودەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت بکات .

# دڵە راوکێی ئافرەتی دووگیان زیان بە قەبارەی کۆرپەلەکەی دەگەیەنێت



لێکۆڵینەوەیەکی تازەی زانستی ئەمریکی ئاشکرای کرد ، کە ئەو دایکانەی دووگیانن و بەدەست کێشەکانی دڵەڕاوکێیەوە دەناڵێنن ، بەتایبەت لەماوەی مانگی یەکەمی دووگیانیدا ، ئەوا کاردەکاتە سەر قەبارەی کۆرپەلەکەی لەکاتی لەدایك بوونیدا، کە قەبارەکەی زۆر بچووکتر دەبێت لەچاو قەبارەی ئاسایی .

لێکۆڵینەوەکە ئاماژەی بەوەدا کە دڵەڕاوکێی ئافرەت لەکاتی دووگیانیدا لەپێش هەموو کارەکانی تر زیاتر کاردەکاتە سەر کێشی کۆرپەلە ، ئەمەش پەیوەندی بەخواردنی داودەرمان و ئاستی فێربوونی ئافرەتەوە هەیە .

هەروەها لێکۆڵینەوەکە هۆشداری دەداتە دایکان بەتایبەت لەکاتی دووگیانیدا خۆیان دووربخەنەوە لە دڵەڕاوکێی و شپرزەیی ، بۆئەوەی زیان بە منداڵەکانیان نەگات لەکاتی لە دایکبوونیدا .

# قاوە پارێزگاری لە نەخۆشییەکانی جگەر دەکات

لێکۆڵینەوەیەکی تازەی زانستی کە کۆمەڵێك لە توێژەرانی ئەمریکی دەریانخستووە ئەوە دەردەخات ، کە رۆژانە خواردنەوەی چەند کوپێك لە قاوە رێگە لە گەشەی نەخۆشی جگەر دەگرێت . لێکۆڵینەوەکە کە لە ماوەکانی رابردوو بلاّوکرایەوە دەڵێت" ئەو کەسانەی لە قۆناغی سەرەتاییدا تووشی هەوکردنی جگەر دەبنەوە ، بەخواردنەوەی سێ یان زیاتر کوپ لە قاوە ئەوا بە رێژەی ٥٣٪ لە مەترسی گەشەکردنی ئەم نەخۆشییە دووردەکەونەوە ، بە بەراورد لەگەڵ ئەو نەخۆشانەی قاوە ناخۆنەوە . نیل فریدمان سەرۆکی کۆمەڵەی لێکۆڵینەوەکە لە پەیمانگای نیشتیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێت" بەخواردنەوەی رێژەیەکی بەرزی قاوە ، زیاتر گەشەی ئەم نەخۆشییە دەوەستێت .

هەروەها توێژەران لە لێکۆڵینەوەیەکی پێشووتردا دەڵێن" کافاین رۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە وەستاندنی شێرپەنجەی جگەر .

رێکخراوی تەندروستی جیهانی ئەوەی ئاشکراکرد کە سێ تا چوار ملیۆن کەس لە جیهاندا ساڵانە تووشی هەوکردنی جگەر دەبنەوە ، وە ٧٠٪ نەخۆشەکان دووچاری نەخۆشی درێژخایەن دەبنەوە ، پاشان تووشی شێرپەنجەی جگەر دەبن .

- بەبڕیاری وەزیری نوێی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پرۆگرام بۆ وانەکانی هونەری دادەنرێ.

- لەکۆلیژە حکومییەکانی ئێواران ساڵانە بڕی (٤٥٠)هەزار دینار لەخوێندکار وەردەگیرێت، کەچی ئەم پارە وەرگرتنە لە کۆلیژەکانی عێراق وەرناگیرێت‌و حکومەت قەدەغەی کردووە. بۆ پارەو سامان جیاواز بن بەلاّم بۆ برایەتی و سازشکردن لەگەڵ عێراقین.

- قوتابیانی قۆناغی دەیەم‌و یازدەمی زانستی لەئامادەیی هەولێری زانستی تاکو ئەم نووسینە پەرتوکی زمانی ئینگلیزی‌و زیندەوەرزانیان نییە. نەبوونی کتێب هەر ئەو ئامادەییەی نەگرتۆتەوە، بەڵکو لەزۆر قوتابخانەی تریش لەسەر ئاستی هەرێم کتێب کەمە.

- لەپارێزگای کەرکوك لەسەر ونبوونی وەلاّمی تاقیکردنەوەی یەکێك لەخوێندکارەکانی پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی کچانی ئێواران، بەڕێوەبەری پەیمانگاکە لەسەر کار لادەبرێت.

- ٧٤کچە خوێندکاری ناوەندی ئێواران کچان گلەیی‌و گازەندە لەبەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سەید سادق دەکەن بەهۆی نەبوونی پێداویستییەکانی خوێندن‌و میلاك‌و شوێنی شایستە بۆ خوێندن .

-لەخوێندگەیەکی کەلار فۆرمی حزبی بەسەر خوێندکاران دابەش دەکرێت.

- تاکو ئێستا مۆڵەت بەسەندیکای مامۆستایانی زانکۆ نەدراوە کەچەند ساڵە کار لەسەر دامەزراندنی دەکرێت.

-وەزارەتی پەروەردە (٨٥)ملیۆن دینار بە پێنج بەڕێوەبەرو چەند فەرمانبەرێکی وەزارەتەکەی دەبەخشێت وەك پاداشت.

# چاپکراوی نوێ



کتێبی (سەفەرەکانی حەزێك) کۆمەڵە شیعرێکی مامۆستا (عیسا حوسێن)ە لەنێوان ساڵانی ١٩٩٥-١٩٩٨، چاپی یەکەم ٢٠٠٩ کەوتە بەردیدی خوێنەران، پیرۆزبایی لەمامۆستا عیسا دەکەین‌و بەهیوای بەرهەمی نایابترو بەپێزتر.

# پۆزش

لەژمارەی رابردووی (مامۆستاو پەروەردە) دا ژمارە (٦٧) لەگۆشەی لەمامۆستا تێکۆشەرەکانی کوردستان لەئامادەکردنی مامۆستا شێخ رەسول کورتەی ژیاننامەی مامۆستای تێکۆشەری دێرین محەمەد عەتا رەشید بلاّوکراوەتەوە، لەبڕگەیەکی نووسینەکەدا هاتووە "باوکی لەژێر ئەشکەنجەی حکومەتی ئەوکاتەی شێخ مەحمودی نەمر گیان لەدەست دەدات! لێرەدا داوای لێبوردن لەمامۆستا عەتاو خوێنەرانی بەرێز دەکەین کەبەهەڵە ئەم بڕگەیە چاپکراوەو راستییەکەی بریتییە لە "باوکی لەژێر ئەشکەنجەی حکومەتی ئەوکاتی عێراق لەسەردەمی شێخ مەحمودی نەمر گیان لەدەست دەدات."

جارێکی دیکە داوای لێبوردن لەهەموو لایەك دەکەین.

مامۆستاو پەروەردە